# بانگەشەی
# مافی مرۆڤ گەرم و
# مافی ئافرەت ساردە

■

سالآنە لە زۆربەی ولآتانی جیهاندا یادی ڕێککەوتننامەی مافەکانی مرۆڤ دەکرێتەوە و، هەر بەر بۆنەیەوە چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت، بەڵام ڕێژەی بەرزی ئەو تاوانانەی لەسەر ئاستی دنیا بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێن، سەلمێنەری ئەوەن کە سەرەڕای تێپەڕینی دوو دەیە لە هەزارەی سێیەم، هەتا ئێستا نەتوانراوە مۆرکی مرۆڤبوون بە بەر ئافرەتدا بکرێ. ئایا دەکرێت بانگەشەی مافی مرۆڤ بکرێت و هاوکات مافی ئافرەت پێشێل بکرێت؟

پێناسەی مافی مرۆڤ هیچ جیاکارییەک لە (ڕەچەڵەک و ڕەگەز)دا ناکات، بەڵام مافی ئافرەت لە کوێی مافی مرۆڤدایە کە وا بە ئاسانی مافەکانی بن پێ دەخرێت و بە بیانووی جۆراوجۆر ژیانی لێ دەستێندرێت؟ نەخشەڕێگای ڕزگاری لەو نەهامەتییانە چییە و چۆن دەکرێت ئافرەت مافەکانی دەستەبەر بکات؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی



سەرەتا د. مەیادە نەجارِ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەبارەت بە دوو چەمکی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت بەمجۆرە راوسەرنجی خۆی دەخاتەڕوو: «چەندین خاڵی هاوبەش لە نێوان دوو چەمکی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت هەیە و ئەم دوو چەمکە دوو بابەتی تەواوکەری یەکترین و هەردووکیان لە زۆربەی جەمسەرەکاندا هاوبەشی یەکترن، واتە کاتێك مافی مرۆڤ بە مانا راستەقینەکەی شیکرایەوە و جێبەجێ کرا، ئەوا مافی ئافرەتیش جێبەجێ کراوە. ئەگەر زیاتر وردببینەوە، ئەوا هەست بەوە دەکەین، کاتێك کۆمەڵگە لە مانا راستەقینەکەی مافی مرۆڤ تێگەیشت، ئەوکات ئافرەتیش بە مافی خۆی دەگات، چونکە کێشەی ئافرەت لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە چەمکی مرۆڤسالاری وەلاوە نراوە و چەمکی نێرسالاری، یان پیاوسالاری پەیدا بووە. ئەگەر رامانێکیشمان لە سەر مێژووی ئادەمیزاد هەبێت، هەست بەو حاڵەتە دەکەین کە کۆمەڵگەی رەگەزسالاری لە رابردووی کۆندا بە بەردەوامی دادپەروەری و یەکسانی زیندەبەچاڵ کردووە، چونکە خۆی لە خۆیدا پیاوسالاری هەردەم لەسەر بنەماکانی دەسەڵات و هێز و موڵکداری بونیاد نراوە، لەم کاتەشدا لایەنی بەرامبەری پشتگوێ خستووە، بەتایبەتی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی و نەریتسالاری و نێرسالاریدا هەردەم بە بیانووی جیاکاریی بایۆلۆژی مافەکانی رەگەزی مێ پێشێل کراوە و بە رێژەیەکی بەرچاو خانمان رووبەڕووی دەستدرێژی و کوشتن بوونەتەوە، نێر هەموو شتێکی بۆ حەڵاڵ کراوە، لەبەرامبەردا مێ لە مافە سادەکانیشی بێبەش کراوە و تەنانەت هیچ جۆرە بەهایەکی بۆ نەهلێدراوەتەوە.» گوتیشی: «ئەگەر ئێمە بمانەوێت بە وردی باسی مافە بنچینەییەکانی ئافرەت بکەین، دەبێت لە بەها راستەقینەکانی ناو بەندەکانی مافی مرۆڤ تێبگەین، کە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان دەیانەوێت لەگشت وڵاتانی جیهاندا جێبەجێی بکەن، بۆ رزگارکردنی ئافرەت لە تەنگەژە گشتگیرەکان کە رووبەرووی مافەکانیان لە چەرخی بیستویەکدا دەبێتەوە. لەلایەکی ترەوە دەبێت شیکردنەوەیەکی ورد لەسەر خاڵە گرنگەکانی پێشکەوتنی ئافرەتان بکەین کە بریتین لە:(گەشەکردن و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی توانای هزریی ئافرەتان، پەرەپێدانی دیموکراسی بۆ کۆمەڵگە و بنیادنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی کایەی ئافرەت لەناو جیهانی سیاسەت و بونیادنانی هێزی ئابووریی ئافرەتان)، ئەمانەش هەمووی تەواوکەری مافی مرۆڤن، واتا ناتوانین جیاکاری لەنێوان مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتدا بکەین چونکە هەردووکیان تەواوکەری یەکترین.»

د. مەیادە نەجارِ رایوایە: «نابێت پرسی ئافرەت وەك پرسێکی جیاواز لە پەراوێزی کۆمەڵگە تەماشا بکرێت، چونکە ئافرەت لەم کاتەدا زیانی بەردەکەوێت، بۆیە پێویستە پرسی ئافرەت شان بەشانی کۆی پرسەکانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و

**کاتێک کۆمەڵگە لە مانا راستەقینەکەی مافی مرۆڤ تێگەیشت، ئەوکات ئافرەتیش بە مافی خۆی دەگات**

**کێشەی ئافرەت لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە چەمکی مرۆڤسالاری وەلاوە نراوە و چەمکی نێرسالاری، یان پیاوسالاری پەیدا بووە**

**کۆمەڵگەی رەگەزسالاری لە رابردووی کۆندا بە بەردەوامی دادپەروەری و یەکسانی زیندەبەچاڵ کردووە**

**لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی و نەریتسالاری و نێرسالاریدا هەردەم بە بیانووی جیاکاریی بایۆلۆژی مافەکانی رەگەزی مێ پێشێل کراوە و بە رێژەیەکی بەرچاو خانمان رووبەڕووی دەستدرێژی و کوشتن بوونەتەوە**



بە ڕێکارێکی وردی زانستییانە و بێ جیاکاری ڕەگەزی کار لەسەر هزر و وشیاریی تاک بکەین، نەك جیاکاری لەنیوان ڕەگەزەکان بکەین.» هاوکات بە پێویستی دەزانێت «هەوڵی گشت چالاکانی بواری ئافرەتان ئەوە بێت بەرەو گەشەپێدان و چەسپاندنی مافی مرۆڤ بە بێ جیاکاری ڕەگەزی هەنگاو بنێن.» هێمای بۆ ئەوەش کرد، «جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩٤٨پەسەندکرا، واتایەکی گشتی بۆ مافی مرۆڤ هەیە و مەبەستی پاراستنی مافی هەر دوو ڕەگەزەکەیە لە سەرانسەری جیهاندا و هیچ جۆرە جیاوازییەکی ڕەگەزی تێدا نەکراوە.» گوتیشی: «لە هەزارەی سێیەمدا هەنگاوەکان لەسەر ئاستی جیهانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان زیاتر بە ئاراستەی سیستەمی مرۆڤسالارین، دەبێت ئێمەش هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوە بێت کە سیستەمی مرۆڤسالاری جێگەی نەریت و سیستەمی پیاوسالاری بگرێتەوە، ئەمەش هەنگاوی زۆری دەوێت، چونکە تا ئەم ساتەش کۆمەڵگەی نەریتسالاری بە کۆمەڵگەی خۆشمانەوە قبووڵنەکردنی ئافرەت لەلایەن کۆمەڵگە و بەشداری پێ نەکردنی لە کایە هەستیارەکاندا یەکێکە لە سیما دیارەکانی، ئەمەش نابێتە پێوەر بۆ ئەوەی بڵێین ئافرەتی ئێمە هیچی نەکردووە، بەپێچەوانەوە ئافرەتانی کورد لەم پێناوەدا قوربانیی زۆریان پێشکەش کردووەو لە خەباتی خۆیانیش بەردەوامن، بۆیە دڵنیام لە ئایندەیەکی نزیکدا هەنگاوی زۆر باشتر دەنێن، چالاکانی مەدەنی و ئافرەتانی پەرلەمانتار و سیاسەتمەدارانیش لە هەوڵی ئەوەدان کۆتایی بە سیستەمی نێرسالاری و نەریتسالاری لە کۆمەڵگە بهێنن و هەوڵی ئەوە دەدەن، سیستەمێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی بۆ هەردوو ڕەگەز بنیاد بنرێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە و کاتێکی زۆری دەوێت، بەڵام دەبێت کار بۆ دروستکردنی ئیرادە و نییەتی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە بکەین.»

تەرزە حسێن کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەراورد بە سەدەکانی پێشوو، ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردی هەنگاوی باشیان ناوە، چونکە کۆمەڵگەکەمان لەئاست ئەرك و مافی ئافرەتاندا قۆناغێکی گرنگ و بە بایەخی بڕیوە، هەروەها ئافرەتان ئێستا بە شێوەیەکی بەرچاو لە کۆڕی خوێندن و نووسین و کارکردن لە سێکتەرەکانی حکوومی و کەرتی تایبەت و تەواوی بوارەکانی ژیان ڕۆڵیان هەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئافرەتانی کوردستان هەموویان وەك یەك ماف و ئەرکیان پارێزراو بێت، بەڵکو ئێستاش کۆمەڵگەی پیاوسالاری باڵی بەسەردا کێشاوەو کێشەوگرفت دروست دەکەن، ئەگەرچی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەوڵی بە یاساکردنی مافی ئافرەتان دراوەو چەندین ناوەندی گرنگ بۆ ڕۆشنبیری و پاڵپشتی لە ئافرەتان دروست کراون و چەندین شوێنی داڵدەدان و نیشتەجێبوونی پارێزراو کراوەتەوە بۆ ئەو ئافرەتانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوەو ژمارەیەکی هێڵی گەرمیان لە سەرجەم شارو شارۆچکەکان دابین کردووە بۆ ئەوەی ئافرەتان لە کاتی کێشەو گیروگرفتەکان هاوکاری بکرێن.» گوتیشی: «هیچ کەسێک هەرگیز ئازاد نابێت، هەتا خۆی لە زیندانی بیرۆکە هەڵەکان ئازاد نەکات. ئازادی، یەکسانی و دادپەروەریش، سێ پرەنسیپی گرنگ و جەوهەرین بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو. مسۆگەرکردنی ئەو پرەنسیپانە و یەکسانیی ڕەگەزی و بەشداریی هاوبەشی هەردوو ڕەگەز لە سەرجەم سێکتەرەکان کارێکی ئاسان نییە، پێویستی بە دیموکراسیکردنی کۆمەڵگە هەیە، ئەوەش پێویستی بە خەباتێکی گشگیری هەمە لایەنە لەلایەن سەرجەم دەنگە ئازاد و بوێر و وشیارەکانی کۆمەڵگە هەیە، ڕاهێنانی خەڵك لەسەر ژیانی دیموکراسی خاڵی گرنگ و جەوهەری و دەستپێکی ئەو خەباتەیە و پێویستە مرۆڤ لە سەرووی هەموو ئەو ئایدیۆلۆژیا دۆگم و بیرو باوەڕانە بێت کە خودی خۆی بەرهەمیان دێنێت و دواتر دەبێتە دیل و کۆیلەیان، پێویستە بە بێ جیاوازی نەتەوە و ئایین ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ لە هەموو شتێك پیرۆزتر سەیر بکرێت.

تەرزە حسێن لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «مافەکانی ئافرەت لە کوردستان هەنگاوی بەرەوپێشچوونی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام بە ڕێژەیەکی دیاریکراو، چونکە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییەو دابونەریتەکان بەسەریدا زاڵن، بۆیە دەبێت لە ڕێگای یاساوە ئەرك و مافەکانی ئافرەتان لە سێکتەرەکانی ژیان دیاری بکرێت، چاودێری و جێبەجێکردنی یاساکەش تەنیا بە حکومەت و ڕێکخراوەکان ناکرێت، بەڵکو دەبێت پەروەردە و میدیاکان کاری جددی لەسەر وشیارکردنەوەی تاک و خێزان بکەن و، ژنانیش دەبێت خۆیان بوێر بن و بۆ بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ژیانیان هەنگاو بنێن. ئەوەمان لەبیر نەچێت، پەروەردەکردنی خێزان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکان و دەبێت هەموومان هەوڵ بدەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئێمەی ئافرەت بە پڕۆژە و کاری جوان دەتوانین داوای ئەرك و مافی خۆمان بکەین، ژیان زۆر لەوە جوانترە کە ئێمە دەیبینین.»

عەلی کەریم سەرۆکی ئەنستیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، سەبارەت بە مافی مرۆڤ بەمجۆرە ڕاوسەرنجی خۆی دەخاتەڕوو: «کاتێك باس لە مافەکانی ئافرەت دەکەین، باس لە کاینێکی مرۆیی دەکەین، واتا باس لە مرۆڤ دەکەین، پێش ئەوەی هەر ئایین و هەر ڕەگەز و ڕەنگێکی هەبێت، بۆیە مرۆڤ بە سیفەتی مرۆڤبوونەکەی چ ئافرەت بێ، یان پیاو کۆمەڵێ سیفەتی ستانداری هەیە کە دەبێ کۆمەڵگەکە و دەوڵەتەکەی ڕەچاوی بکەن و ڕێزی لێ بگرن، لەو ڕوانگەیەوە دەڵێین کرۆك و جەوهەری مافەکانی ئافرەت کرۆك و جەوهەری مافەکانی مرۆڤە، بەڵکو پێوەرێکی جیهانیشە بۆ مافەکان بەگشتی، ئافرەت پێش ئەوەی ئافرەت بێت، مرۆڤە،

**ئەگەر ئێمە بمانەوێت بە وردی باسی مافە بنچینەییەکانی ئافرەت بکەین، دەبێت لە بەها ڕاستەقینەکانی ناو بەندەکانی مافی مرۆڤ تێبگەین**

**پێویستە هەوڵی گشت چالاکانی بواری ئافرەتان ئەوە بێت بەرەو گەشەپێدان و چەسپاندنی مافی مرۆڤ بە بێ جیاکاری ڕەگەزی هەنگاو بنێن**

**لە هەزارەی سێیەمدا هەنگاوەکان لەسەر ئاستی جیهانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان زیاتر بە ئاراستەی سیستەمی مرۆڤسالارین، دەبێت ئێمەش هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوە بێت کە سیستەمی مرۆڤسالاری جێگەی نەریت و سیستەمی پیاوسالاری بگرێتەوە**

**پێویستە سیستەمێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی بۆ هەردوو ڕەگەز بنیاد بنرێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە و کاتێکی زۆری دەوێت، بەڵام دەبێت کار بۆ دروستکردنی ئیرادە و نییەتی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە بکەین**

بۆیە هەموو ئەو مافانەی هەیە کە مرۆڤ هەیەتی، تەمیزێکی پۆزەتیڤی بۆ کراوە، بە حوکمی ئافرەتبوونەکەی هەندێ ماف و تایبەتمەندیی دیکەیشی هەیە، کە هەر تەواوکەر و رووی دووەمی مافەکانی مرۆڤن.» هاوکات دەڵێت: «رێککەوتننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ کە ساڵی ١٩٤٨ دەرچووە، بنەمای سەرجەم مافەکانە ئەو بەرنامە و پرۆتۆکۆل و بڕیار و جاڕنامانەی تایبەتن بە مافەکانی ئافرەت لە نێویشیاندا جاڕنامەی سیداو، ناکرێ ئافرەت لە مافی مرۆڤ دابماڵدرێ و پاشان باس لە مافەکانی خۆی بکرێ، رێزگرتن لە مافەکانی ئافرەت واتا ریزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئەوەش واتە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی و ئۆتۆماتیکیان پێکەوە هەیە، لەسەر ئاستی دنیا وەك چۆن پێشێلکاری لەسەر مافی مرۆڤ هەیە، لەسەر مافەکانی ئافرەتیش هەیە، بەڵام ئافرەت بە حوکمی هەندێ تایبەتمەندیی خۆی لە هەندێك کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئیشکالیەت ئامێزدا ئیستیغلال دەکرێ و بە هەڵە سوودی لی وەردەگیرێت و بۆ کاری نامرۆیی بەکاردەهێندرێت، بۆ نموونە بازرگانیکردن بە هەر دوو رەگەز هەیە، بەڵام لە نێو ئافرەتاندا زیاتر و فراوانترە، ئەویش بە حوکمی بە ئاسان کڕین و فرۆشتنیان بە رەچاوکردنی رەهەندە ئابوورییەکەوە لەو بارەیەوە، جگ لەوە توندوتیژی لە هەموو کۆمەڵگەیەك بوونی هەیە، زیاتریش بەرامبەر بە ئافرەت و منداڵ کراوە، چ توندوتیژی سیاسی، کۆمەڵایەتی، یان خێزانی بن، ئافرەت و منداڵ قوربانیی یەکەمن، خراپتر لەوەش زۆرجار لەلایەن نزیکترین کەسەکانی خۆیانەوە توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ، دەتوانین بڵێین لەسەر ئاستی دنیا ئافرەت زۆرترین پێشێلکاری بەرامبەر کراوە، لەبەر ئەوەی ئافرەت بە سرووشت و پێکهاتەی زیاتر موعەرەزە بۆ پێشێلکاری و ئەمەش بەپێی سرووشت و دۆخی کۆمەڵگەکە دەگۆڕێت، لە وڵاتە پێشکەوتووەکان رێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان بەراورد بە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان یەکجار کەمە، چونکە ئافرەت کۆمەڵێ ئاستی باشی بڕیوە و کۆمەڵێ میکانیزمی بە دەستەوەیە کە رێگرە لەوەی پێشێلکاری بەرامبەر بکرێ و وەکو کاڵا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، بۆ ئەوەی ئافرەت پێشێلکاری بەرامبەر نەکرێ، پێویستی بەم چەند خاڵەی لای خوارەوە هەیە:

ئابووریی سەربەخۆ، ئاستێکی باڵا لە پێگەیشتوویی، کارکردن و پشت بەخۆبەستن، رێکخستنی منداڵبوون، شێوازی ژیانکردن، هەڵبژاردنی هاوسەر بە ئازادی، خۆپێناسەکردن وەکو مرۆڤ و خۆجیانەکردنەوە لە رەهەندە مرۆڤایەتییەکان و وەرنەگرتنی کاردانەوە لەلایەن پیاو، پێویستە ئافرەت ئەوە بزانێ کێشەی ئەو کێشەیەکی ئینسانییە و پەیوەستە بە هەردوو رەگەز و پیاو دوژمنی نییە، بەڵکو دەکرێ هاوکار و سەرخەر بێ لە هەوڵەکانی دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان، لە هەمان کاتدا بوونی سیستەمێکی دیموکراسی کە تێیدا یاسا سەروەر بێت و بە کردەیی دادگا سەربەخۆ بێت، مافە زەوتکراوەکان بگێڕنەوە بۆ خاوەنەکانیان و کەسانی تاوانبار و سەرپێچیکار سزا بدرێن، هەموو ئەوانە وادەکەن کەمترین پێشێلکاری بەرامبەر مرۆڤەکان بکرێت، لە هەر کۆمەڵگەیەك گەرەنتی مافەکانی مرۆڤ بوونی هەبێت، بە دڵنیاییەوە ئافرەتانیش مافەکانیان گەرەنتی دەکرێت و دەتوانن شکۆمەندی و بەختەوەریی خۆیان دەستەبەر بکەن.»

تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مافی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بێگومان ئەو مافانەی کە بۆ ئافرەت لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا دیاریکراوە، لە چوارچێوەی ئەو مافانە دێت کە بۆ مرۆڤ بە گشتی دیاریکراوە، لەبەر ئەوەی بنەمای دیاریکردنی مافەکانی بریتییە لە بوونی یەکسانی و ناجیاکاری و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، کەواتە کاتێك باس لە یەکسانی لەسەر بنەمای جەندەر لەبەرچاو ناگیرێت، هەر بۆیە ئەنجامدانی هەموو جیاکارییەك ئەنجامدانی توندوتیژییە لەسەر بنەمای رەگەز، ئەگەرچی ئافرەت تێیدا زەرەرمەندی یەکەمە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە گەورەترین پێشێلکارییە بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ، دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە کێشەکانی ئافرەت کێشەی هەموو کۆمەڵگەکەیە و هەر کاتێك توندوتیژی، یان پێشێلکاری لەبەرامبەر ئافرەت بوونی هەبوو، دەرەنجام ئافرەت بە تەنیا زەرەرمەند نییە، بەڵکو هەموو کۆمەڵگە زەرەرمەند دەبێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەمەش وادەکات کە سەنگایی لە چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤدا هەبێت، هەر کاتێك ئافرەت توانی لە کۆمەڵگەدا مافە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی بەدەست بێنێت، ئەمە رەنگدانەوەیەکی ئەرێنی و کاریگەری لەسەر خێزان و کۆمەڵگە دەبێت، چونکە بنەمای سەرەکیی ئەم مافانە لە جاڕنامەی جیهانی و هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و دابینکردنی ئەو مافانە لەلایەن دەوڵەتەوە جیاکاری تێدا نەکراوە، هاوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی ئەوەی داوە، زیاتر مافی کچان و ئافرەتان لە کۆمەڵگە پارێزراو بێت و میکانیزمی پتەوتریش بۆ پاراستن و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر مافەکانیان دابندرێت، ئەوە پاڵپشت بە بەڵگە نێودەوڵەتییەکانە و چەندین رێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت دەرکراون، گرنگترینیان بڕیاری ژمارە(١٣٢٥)ی تایبەت بە پاراستنی کچان و ژنان لەکاتی جەنگ و ململانێ ناوخۆییەکانە.»

لە کۆتایی ئەم راپۆرتەدا ماوە بگوترێ: جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ لە ١٠ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨ لە کۆبوونەوەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسند کرا. پاش پەسندکردنی، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە ئەندامەکانی کرد، کە ئەم جاڕنامەیە بە شێوەی گشتی بڵاوبکەنەوە هەتا لە قوتابخانە و ناوەندەکانی فێرکردن بڵاو بکرێتەوە و بخوێندرێت.

**بەراورد بە سەدەکانی پێشوو، ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردی هەنگاوی باشیان ناوە، چونکە کۆمەڵگەکەمان لەئاست ئەرک و مافی ئافرەتاندا قۆناغێکی گرنگ و بە بایەخی بڕیوە**

**لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەوڵی بە یاساکردنی مافی ئافرەتان دراوەو چەندین ناوەندی گرنگ بۆ ڕۆشنبیری و پاڵپشتی لە ئافرەتان دروست کراون**

**هیچ کەسێک هەرگیز ئازاد نابێت، هەتا خۆی لە زیندانی بیرۆکە هەڵەکان ئازاد نەکات**

**کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییەو دابونەریتەکان بەسەریدا زاڵن، بۆیە دەبێت لە ڕێگای یاساوە ئەرک و مافەکانی ئافرەتان لە سێکتەرەکانی ژیان دیاری بکرێت**

# ژن و مێردێ لە کاتی تۆمارکردنی داوای جیابوونەوەیان لە دادگا لە یەکدی مارە دەکرێن



**لە سەرلەبەری وڵاتانی جیهاندا ژمارەی ئەو هاوسەرانەی کە بە هۆکاری جیاواز بڕیاری جیابوونەوە دەدەن، کەم نین، بەڵام هەندێکیان بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ڕێکارێک بۆ چارەسەری ناکۆکیی و کێشەکانی نێوانیان بدۆزنەوە، پێداگری لە سەر جیابوونەوەیان دەکەن، بەوەش داهاتووی خۆیان دەدەنە دەستی قەدەر و منداڵەکانیشیان دەبنە قوربانیی سەرەکی و باجی ئەو بڕیارە بەپەلەیە دەدەن. بەڵام ئافرەتێک کە داوای جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی کردووە، بەسەرهاتێکی دەگمەنی هەیە کە پێچەوانەی هەموو داواکارییەکانی جیابوونەوەی هاوسەرانە و ئەو بەسەرهاتەی بۆ گۆڤاری گوڵان دەگێڕێتەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

«ماڵی باوکم ساڵانێکی زۆر ئاوارەی وڵاتی ئێران بوون، هەر لەو وڵاتەش باوکم توانی ناسنامەی ئێرانی بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان وەربگرێت، منیش هەر لە ئێران لەدایک بووم و تا پۆلی پێنجی سەرەتاییم لەوێ خوێندووە، چەند خزمێکیشمان کە ئاوارەی ئێران بوون، هەر ئیقامە(مۆڵەتی نیشتەجێبوون) یان وەرگرتبوو، بەتایبەتی ماڵی خەزوورم، جگە لە نفووس(ناسنامە)ی عێراقی هیچیان نەبوو، بۆیە منیان لە لای مەلای مزگەوت لە ناسری مێردم مارە کرد. دوای ئەوەی چوومە ماڵی خەزوورم، کێشەی زۆریان بۆ دروست کردین و ناچار بووین ماڵی خۆمان جیا بکەینەوە، ناسر سەرەتا زۆر باش بوو، کاری دەکرد و کرێی خانووی دەدا و دڵی من و منداڵەکانی رادەگرت، بەڵام وردە وردە خۆی لە قەرەی کارکردن نەدەدا، کرێی خانوو بەسەر یەکدا دەکەوت، بژێویمان زۆر ناخۆش بوو، بۆیە ناچار بووم لە مارکێتێکی گەورە وەک فرۆشیار کار بکەم، سەرەڕای ماندووبوونیشم، هەمیشە ئازاری دەدام و هاتوهاواری دەکرد، سەبارەت بە منداڵەکانیش زۆر کەمتەخەم ببوو، پەیتا پەیتا ماڵ و منداڵی بەجێ دەهێشت و دواتریش هەر بە دەستی بەتاڵ دەگەڕایەوە، بۆیە گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە چیدی لەگەڵی ناژیم، ئەوە بوو لە دادگا سکاڵام لەسەر تۆمار کرد.»

ئەوە قسەی ئەمیرە سەعید بوو. ئەو خاتوونە دانیشتووی شاری سۆرانە و وەک خۆی باسیکرد، دایکی چوار منداڵە و تەمەنی لە پەنجا ساڵ نزیک بووەتەوە. چیرۆکە دەگمەنەکەی ئەمیرە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات، کە لە دادگا سکاڵای لەسەر هاوسەرکەی تۆمار کردووە بۆ ئەوەی لێک جیا ببنەوە،بەمجۆرەش باسی ئەو رۆژانەی ژیانی دەکات: «دوای ئەوەی لە دادگا سکاڵام لەسەر مێردەکەم تۆمار کرد، مێردەکەشم زۆر خۆی دڵخۆش نیشان دەدا و دەیگوت: من لە خوام دەوێت لە کۆڵم ببیتەوە، هەردووکمان بڕیاری کۆتاییمان دا، ناسریش چیدی نەدەهاتەوە بۆ ماڵەوە، هەر لە ماڵی باوکی بوو. دادوەری دادگا بۆ جیابوونەوەمان داوای گرێبەستێکی رەسمی کرد، ئێمەش نەمانبوو، بۆیە ناسر کە هەر دوو پێی بۆ تەڵاقدان چەقاندبوو، کەوتبووە عینادی و گرێبەستێکی ساختەی دروست کرد و منیش لەو عینادتر بووم و ئەوەندە بۆ جیابوونەوەمان بەپەرۆش بووم لای دادوەر باسم نەکرد کە گرێبەستێکی ساختەیە، بەڵام دادوەرەکە زۆر زیرەک بوو، گومانی لێ کردبوو، مارەنامەکەمانی ناردبوو بۆ ئەو نووسینگەی دادە کە ناوەکەی و مۆرەکەی ساختە کرابوو. دوای ئەوەی دادوەر بەوەی زانی کە گرێبەستەکەمان ساختەیە، گوتی: دەبێت بە فەرمی و یاسایی ژنەکەت مارە بکەیتەوە، تا بتوانی تەڵاقی بدەیت. دواتر هەڕەشەی زیندانیکردنی لە مێردەکەم کرد، چەند جاریش دۆسێکەی ئێمەی دوا خست. ئەو هەڕەشە و دواخستنە بوو بە خێر بۆ خێزانەکەمان و وایکرد ناسر بە تەواوی گۆڕا، دوای ماوەیەکی کورت گرێبەستێکی رەسمیمان بۆ دادوەر برد و ئەویش لە ساختەکارییەکەی ناسر خۆش بوو. لە دوای راپەڕین هاتینەوە بۆ سۆران و ئەوەتا چوار منداڵمان وەک گوڵ بەخێو کردووە و تا ئێستا یەک کێشە و گرفتمان نەبووە.»

ئەمیرە لە کۆتایی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیدا، ئامۆژگاری هاوسەرانی گەنج دەکات و دەڵێت: «مرۆڤ بە گەنجی خوێنە گەرمە و زوو هەڵدەچێت و زۆر جار بڕیاری بەپەلە دەدات، کە دواتر لێی پەشیمان دەبێتەوە، بۆیە پێویستە هاوسەرانی گەنج دەرفەتی زیاتر بە یەکتر بدەن و هەموو ژن و مێردێک دەبێت رێزی یەکدی بگرن و دوای بوونیان بە دایک و باوک هەست بە بەرپرسیاریەتیی زیاتر بکەن.»

**ئەوەندە بۆ جیابوونەوەمان بەپەرۆش بووم لای دادوەر باسم نەکرد کە مارەنامەکەمان ساختەیە، بەڵام دادوەرەکە زۆر زیرەک بوو، گومانی لێ کردبوو**

**دوای ئەوەی دادوەر بەوەی زانی کە مارەنامەکەمان ساختەیە، بە مێردەکەمی گوت: دەبێت بە فەرمی و یاسایی ژنەکەت مارە بکەیتەوە، تا بتوانی تەڵاقی بدەیت، مێردەکەشم کەوتبووە عینادی و مارەنامەیەکی ساختەی دروست کرد**

**دادوەرەکە هەڕەشەی زیندانیکردنی لە مێردەکەم کرد، چەند جاریش دۆسێکەی ئێمەی دوا خست. ئەو هەڕەشە و دواخستنە بوو بە خێر بۆ خێزانەکەمان و وایکرد مێردەکەم بە تەواوی گۆڕا**